حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر

کۆلێژی زمان


پڕۆژەی دەرچوون

# (واتای رەنگ لە ئیدیەمی زمانی کوردی)دا

پێشکەش بە بەشی ( زمانی کوردی ) کراوە ، وەک بەشێک لە پێداوێستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (ئەدەب )دا


ئامادەکراوە لە لایەن :

کەڤالە محمد کاخظر

بەسەرپەرشتی :

د. ساکار ئەنوەر


٢٠٢٣-٢٠٢٤

٢٧٢٣-٢٧٢٤

# سوپاس و پێزانین

بۆ خودای گەورە کە تەمەنی پێدام بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە

بۆ دکتۆرە (ساکار ئەنوەر ) کە هەمیشە به دڵێکی فراوانەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی دامەوە

بۆ تەواوی ئەندامانی خێزانەکەم کە تا ئەمرۆ لەگەڵ بوونەو پاڵپشتم بوون بۆ گەیشتن بەم ڕۆژە

بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغەکانی خوێندن دا ڕۆژێک لە ڕۆژان وانەیان پێوتووم و شتێکیان فێرکردووم

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| پێکهاتەی لێکۆڵینەوە | ٢ |
| بەشی یەکەم/ باسێکی ڕەنگ لە ڕوانگەی زانستیەوە | ٣ |
| کورتە باسێکی زانستی ڕەنگ | ٣ |
| ووشەکانی ڕەنگ | ٤ |
| ڕەنگ و سروشت | ٥ |
| ووشەکانی ڕەنگ لە ڕووی ڕۆنانی مۆرفۆلۆجی | ٦ |
| ڕەنگ واتاکەی لە زمانی کوردیدا | ٦ |
| دەربڕینە چەسپاوەکان | ٧ |
| پەندەکان | ٨ |
| بەشی دووەم \ ڕەنگی ئیدیەم | ٩ |
| میتافۆڕم و ڕەنگ | ١١ |
| ڕۆڵی ڕەنگ لە ئیدیۆمدا | ١٣ |
| واتای ڕەنگ و کلتور | ١٤ |
| ئەنجامەکان | ١٥ |
| سەرچاوەکان | ١٦ |

# پێشەکی

ناونیشانی لێکۆلینەوەکەمان(واتای رەنگ لەئیدیەمی زمانی کوردیدا ) ئیدیەمەکان بە پێی لێکۆلینەوەزانستیە نوییەکان کە ئەمرۆ لەزمانەوانیدالە بواری ئیدیەمدالە کاردان دەستنشانکراون ئیدیۆم. رۆلیکی بەرچاو گرنک لە دەولەمەندکردنگەشەسەندنی فەرهەنگ زماندا دەبینیت بۆیە هەلدەگریکەچەندها باس ولیکۆلینەوەزانستی هەملایەنە لەزمانی کوردیدا لەسەر بکریت بەلام تاکو ئیستاوەک وپیویست ئاوڕی لێ نەردروەتەوە، ڕەنگەکان حەوت ڕەنگی سەرەکیمان هەیە کە لە پەلکەزیرینەدا بوونیان هەیە و بەدی دەکرێن .

## ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانەکەی بریتیە لە واتای ڕەنگ لە ئیدیمەی زمانی کوردیدا و هەروەها ڕەنگی تێکەڵ بە ئیدیەم و پەندەکان و کلتور و میتافۆر و سروشت.

## هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕەنگانەی کە لە ئیدیەم و پەندەکاندا هەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕەنگەکان دەکرێت

## گرینگی باسەکە:

گرینگی ئەم باسە بۆ ئەوەی ڕەنگەکان چۆن بەکاردێت لەناو پەندەکان و میتافۆر و سروشت.

## کەرستەی لێکۆڵینەوەکە:

بریتیە لە ڕەنگەکان لەناو پەندەکان سروشت کە بەکار دەهێنین لەگەڵ سوود وەرگرتن لە هەندێ سەرچاوەیتر.

## سنور باسەکە:

ئەم باسە لە چوارچێوەی سروشت و بەندەکان میتافۆر . ئیدیەم کە ڕەنگی لە سنوریانە ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

لە نووسین ئەم تویژینەوە پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکار بەراوردکاری دەبەستێت لە ڕێگای شیکردنەوەی ڕەنگەکان.

**بەشی یەکەم :**

**کورتە باسێکی زانستی ڕەنگ**

**((ڕەنگ دیاردەیەکی گشتی فیزیکیە، سروشت و ڕووناکی چاوگی سەرەکییەتی و ئەمەش بەهۆی ئەو تیشکانەی ڕەنگی ئەوشتانە وەردەگرن کە بەر یەک دەکەون چ بە وەرگرتن چ بە لێکەوتنەوە لە ڕێگای چاوەوە ڕەنگەکان دەبینین بەهۆی ئەو دەمارانەی پەیوەستی بنکەی بینین لەناو مێشکدا لێکدەدرێنەوە و لەیەکدی جیا دەکرێنەوە دەناسرێنەوە سەبارەت بەو ووتەیە، کە ڕەنگ دیاردەیەکی سروشتیە دیاردەیەکە کە دەبینرێ، یان ئەوەتا هەستییە هەستی پێ دەکرێ))( احمد سالار ٢٠٠٩- ٦٥٠)**

**(( بۆ یەکەم جار لە مێژوی زانستی ڕەنگدا لەلایەن زانای فیزیکۆلۆژیاوە (اسحاق نیو ١٦٤٢-١٦٧٢)**

**کە هەستا بە کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەک لەسەر بابەتی شیکردنەوە و شیتالکاری تیشکی خۆر و ڕەنگەکانی شەبەنگە خۆری، ڕەنگەکانی( پەلکە زێڕینە) دەستکەوت، کە بریتین لە حەوت ڕەنگە سەرەکییەکە. ئەزموونە زانستییەی (نیوتن) تیۆری ڕەنگی سپی پوچەڵکرایەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ئاوێزە شوشەییەوە،کاتی ڕنگە سپییەکەی خۆر چووە ناو ئاوێزەکەوە، گۆڕانی بەسەردا هات و تەنها بە ڕەنگە سپییەکەوە نەمایەوە،**

**بەڵکوش بوویەوە ئەوەی نواندنەکە تەنها کاری ئاوێزەکە شیکردنەوە و جیاکردنەوەی بووە کە نەک گۆڕینی، ئەو کۆمەڵە ڕەنگەش ئەو حەوت ڕەنگە سەرەکییەن بەزادەی تیشکی خۆر ناودەبرێن.**

**ڕەنگەکانیش ئەمانەن: سوور، نارنجی، زەرد، سەوز، شین، نیللی، وەنەوشەیی. بەم هەنگاوە دەروویەکی گەلێک فراوان بەڕووی جیهانی ڕەنگدا کرایەوە)). لەهەمان سەرچاوەی ___ سالار(٢٠٠٩) .٦٦_٦٥ پێشوو"**

**⁕لەسەرەتای بوونەوە ڕەنگەکانیش هەیە و بەر یەکێ لە هەستەکانمان ئەکەوێتو لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاری ئەهێنین..**

**ڕەنگەکان لە ڕووی فیزیکەوە دوو جۆر یان دوو بەشە**

**یەکەم: ڕەنگە کرۆمانیکییەکان بریتییە لە چوار ڕەنگە سەرەکییەکەی شەبەنگە خۆر**

**واتە: زەرد، سوور، شین، سەوز**

**دووەم: ڕەنگە ئەکرۆمانیکییەکان هەردوو ڕەنگی ڕەش سپی دەگرێتەوە احمد سالار (٢٠٠٩_٦٥_٦٦)**

**٭ڕەش و سپی ڕەنگێکن دڵخوازترینی ئێستان وە زیاتر لە ڕەنگەکانیکە بەرچاون بە ئەکرومانیکییەکان ناسراون**

## ووشەکانی ڕەنگ

**(( بە پێی لێکۆڵینەوەکەی (بیرلن دکەی) ریزبوونی ووشەکانی ڕەنگ هەمان ڕیزبوونی ڕەنگەکانی شەبەنگی وەردەگرن ژمارەشیان(٧) ڕەنگە سوور، نارنجی، سەوز، شین، سەوزی شینباو، مۆر، جگە لەوانەش (ڕەش و سپی) بەهەمان جۆر بەمەبەستی ڕیزبوون بایەخ پێوانی ڕەنگەکان لەلایەن کورد( موستەفا محمد کریم زەنگەنە)(٢٠٠١)(٢٤_٢٠٠١)**

**[[ ١_ سووە ٢. نارنجی ٣. زەرد ٤. سەوز ٥. سەوزی شینباو ٦. شین ٧. مۆر ٨. ڕەش ٩. سپی ١٠. نیللی ١١. پەمەیی ١٢. وەنەوشەیی ١٣. قاوەیی ١٤. زێڕی ١٥. زەیتوونی ١٦. هەناری ١٧. ئاسمانی ١٨. باییبنجانی ١٩.**

**خاکی ٢٠. فستقی ٢١. مارۆنی ٢٢. شەکەری ٢٣. کەکاوی ٢٤. ئەرخەوانی ٢٥. جەرگی ٢٦. پیازی ٢٧. شیری ٢٨. خەنەیی ٢٩. نەوتی ٣٠. زیوی ٣١. بۆر ٣٢. حەلوایی ٣٣. ژەنگاوی ٣٤. شروبی ٣٥. خورمایی ٣٦. خەردەلی ٣٧. پیرۆزەیی ٣٨ گۆشتی ٣٩. شەرابی ٤٠. بێجی ٤١. فیلی ٤٢_ خومی ٤٣. باوی ٤٤. سیاش ٤٥. اسمەر ٤٦. ئاڵ ٤٧. قەوزەیی ٤٨. گورگی ٤٩. چوێتی ٥٠. شێلم بەترش ٥١. هەنگوینی ٥٢. فسفۆری٥٣. شەقەندەیی ٥٤. برۆنزی ٥٥. چوکلێتی ٥٦. قەزوانی ٥٧. گیایی (موستەفا محمد کریم زەنگەنە(٢٠٠١)_٢٤. ٢٥. ٢٦]].**

## ڕەنگ و سروشت

**سەبارەت بە کاریگەری ڕەنگ لەسەر ئاژەڵان زانای دەروونناسی(بافلۆن) پسپۆڕ لە بواری زانستی ئەرکی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەکی کرد گەییشتە چەند ئاکامێکی زانستی هەرچۆن ئەم زانایە خاوەن چەندین بینینەوەی زانستی بوارەکەیە،وە( راهێنانی مەرجدار) کە لەسەر سەگ کردبووی لە ئاکامی تاقیکردنەوەکانی لەسەر کاریگەری رەنگ لەسەر زیندەوەران بۆی دەرکەوت**

**١_ ئەگەر هاتوو رۆناکی رەنگاو رەنگ دروستکرا و ((الصناعی)) لە مریشک بدات، ئەوا خێراتر هێلکە دەکات.**

**٢_ رەنگی سوور، کرمی زەوی بەلای خۆیدا رادەکێشێت.**

**٣_ هەزار پێ کۆک و هۆگری رەنگی سوور و زەرد و پرتەقاڵییە بەپێچەوانەشەوە لەتەک رەنگەکانی شین و سەوز وەنەوشەیی ئەیا و ناکۆکە.**

**٤_پەپولە هۆگر و شەیدای رەنگەکانی شین و سەوز و وەنەشەییە.**

**٥_ رووناکی رەنگی وەنەوشەییە یارمەتیدەر بۆ گەورەبوون دار مێو.**

**٦_ رووناکی رەنگ سوور، یارمەتیدەرە بۆ جێگیربوونی تۆو دانەوێڵە (احمد سالار ٢٠٠٩_٧٧_٧٨_٧٩)**

**ووشەکانی ڕەنگ لە رووی روونانی مۆرفۆلۆجی**

**لە زمانی کوردیدا بۆ رۆنانی وشە چەندین ڕێگەیەک هەیە، ئەوەی لە ناویاندا سەرەکی بێت( دارِشتن و لێکدانە)  واتە ئەو دوو ڕێگەیە هۆیەکی گرنگی لە دروستکردنی وشەی دارێژراو و لێکدراود د. ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٨٧_٤٧))**

**ووشەی دارێژراو ئەو وشە ناسادەیە کە لە وشەیەکی سادە و پێشگر یان پاشگرێک پێک دێت.**

**ووشە لێکدراوەکان:**

**ووشە لێکدراوەکان ئەوانەن خۆمان سازیان دەکەین بەپێی یاسای مۆرفۆلۆجی زمانەکان، لە ڕووی واتاشەوە بە ووشەی روون دەژمێردرێن، چونکە واتاکانیان لە واتای کەرتەکانیانەوە پێشبینی دەکرێت و دەزانرێت، وەک( سەوزە گیا، گەنم رەنگ)[2]**
**(٢) شیلان عومەر حسین ٢٠٠٩، ل ١٢١.**

**هەروەها ووشە لێکدراوەکان وەک یەکەیەکی ڕێزمانی و سیمانتیکی رەفتار دەکەن، ئەگەر جوڵان ئەوا دەبێت پێکەوە بجوڵێن و هەردوو پارچەکەیش یەک واتا بە دەستەوە دەدەن))[3] (٣) بێستون حسن احمد، ٢٠١٢،ل (٧٦_٧٨).**

**ڕەنگ واتاکەی لە زمانی کوردیدا**

**ڕێککەوتن لەسەر واتایی رەنگەکان لەلایەن کۆمەڵ:**

**١_مۆر بەواتا خۆشەویستی هاتووە کە رەنگی مۆر لە ئەنجامی تێکەڵکردنی سوور و شین پێکدێت لە رەنگی سوور ئازایەتی و پیاوەتی وەرگرتووە لە شینەکەش شەرەف و دەستپاکی مۆر بەواتای لان و گەزانی ژیانی باش هاتووە هەندێ جاریش واتای ژووانی بەواتایی هەستەوەری و ڕۆژی بەکارهاتووە مۆر بە واتای نمونەیی دەگمەن بەکار بردراوە (موستەفا محمد کریم زەنگەنە لاپەرە ٦٠)**

**٢_(( رەش رەنگێکی بێلایەنە هەندێ جار بەگۆری رەنگەکان دادەنرێت بەواتاکەی کە هەموو رەنگەکان رەشیان تێکەڵ بکرێت بەرەو نەمان دەچن بەواتای ناخۆش و دڵتەنگی دێت سەرهەڵدانی ئەمەش لەوە هاتوە کە شەودادێت ئیدی رۆژ دەمرێت شەویش رەشە و مرۆڤ هیچ شتێک نابینێت رەش شەوی مەرگە رۆژ و ڕووناکی رەنگی رەش بەواتای شەرمەزاری گوناهە لای کورد رەنگی رەش بەواتای دڵتەنگی و داخی گران بەکارهاتووە رۆژانی پڕ مەینەتی وناخۆش و دڵتەنگی بە رۆژانی رەش ناودەبرێن رەش بەواتای لە ترس لە شتی نادیار هەر ئەمەش وایکردوە رەش ببێتە رەفزی تاریکی ژیان لەسەردەمی عەباسییەکاندا رەش دروشمی( پرسە و مەرگ) بووە و ئێستاش وایە.**

٣_ سپی بە منداڵدانی لەدایکبوونی ڕەنگەکان دادەنرێت بەواتای پاکی دێت هۆی ئەم واتایەش بۆسەرچاوە بەردەوامبوونی ژیانی کەشیرە ڕەنگی شیریش سپییە بڵێی پاک و بێگەردە ئەمەش ڕەنگدانەوە لەسەر سیفەتی مناڵیش هەیە وایکردووە کە مناڵ بە پاک ناو ببرێت سپی بەواتای سەرەتای دەسپێکردنی ژیان جگەلەوەش بەواتای ئاشتی هاتووە ئەمەش بۆ ڕەنگی بۆئەو کۆترە سپی دەگەڕێتەوە، کە چڵە زەیتوونی بۆنحەزرەتی نوح هێناوە لەبەر ئەم هۆیەش هەندێ گروپ لایەن رامیاری کۆتری سپیان کردۆتە ڕەفزی ئاشتی بۆ نمونە لە جەنگدا واتا خۆ بەدەستەوەدان و کۆڵدان هاتووە ئەگەر هەرکەسێکیش لەجەنگدا ویستی خۆی بەدەستەوە بدات ئاڵای سپی هەڵدەکات. (کریم زەنگەنە (٢٠٠١)لاپەرە٥٨)

٤_ سەوز بەواتای ژیان و ژیانەوە هاتووە سەرچاوە لەوە هاتووە کە ڕەنگی گەڵای دار و درەختی سەوز دەبێتە هۆی ئارامی دڵنیایی و سەلامەتی بەڵگەش ڕەنگی سەوزی گڵۆپەکانی هات و چۆیە کە نیشانەی دڵنیایی و سەلامەتی لە تێپەڕبووندا دوورکەوتنەوە لەکارەساتی دڵتەزێن کوشندە لە وڵاتانی جیهاندا ڕەنگی سەوز بەواتای گەشەسەندن دێت.

## دەربڕینە چەسپاوەکان

(١_٢_١) کۆمەڵەی ووشە: کۆمەڵە ووشە ( بەواتای هاوڕێیەتی ناوی دەبرێت: واتای هاوڕێیەتی پەیوەندییەکی ئاسۆییە لە ئەنجامی هاوبەشی کردنی ووشەیەک لەگەڵ چەند ووشەیەکیتر پەیدا دەکات) (٢) عبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١_١٥٠

٣_هاوڕێیەتی ئەو پەیوەندییەیە کە کۆمەڵە ووشەیەک گر دەکاتەوە کە لە ڕستەدا پێکەوەدێن کە پەوەندییەکە زانیاریانە دەتوانرێت دیاری بکرێت کە دەتوانرێت پێوەرێکی بۆ دابنرێت، دەتوانین لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین کە چوار ووشە لەم لاو لەو لای کەرەستەیەکەوە بە هاوڕێ دابنێین) (٣) هۆگر محمود فەرەج، ١٩٨٩_١٠

٤_ کۆمەڵە ووشە و زانیاریمان دەربارەی یەکێک لەواتاکانی/شەو/ پێدەدات کە بەهۆی پێکەوە هاتنیەتی لەگەڵ تاریکیدا، بۆ تاریکیش بەهەمان شێوە) (٤) بێستون حسن احمد، ٢٠١٢_٥٧

**پەندەکان**

١_ میوەی نەگەیی و زگ ئەیێشێنێت تەماع بۆ پیاوان روو زەردی دێنێ)) پیرەمێرد لاپەرە ٢٥٨

٢_ئەگەر دڵسۆزیت بوایە ئێستا لە میری سوور ئەبوویت)) شێخ محمد خاڵ لاپەرە ٣٠

٣_ ئەگەر رەشبم وەک و موو دەوڵەتی باوکم ئەمدا بە شوو چونکە ئەمڕۆ هەر کەس ژنیش کە دێنێ هەربۆ ڕاوی دونیایە)) شێخ محمد خاڵ لاپەرە ٣٠

٤_ ئەگەر ووتی ماست سپیە پێی باوەر مەکە چونکە زۆر درۆزنە، شێخ محمد خاڵ لاپەرە ٣٥

٥_بەختم لە هەموو شتێکدا رەشە تەنها لە شووتیدا سپییە بە یەکێک ئەڵێی لە هیچ شتێک بەختی نەبێت لاپەرە ٨٨

٦_پارە بۆ نامەرد روو زەردی دێنێ چونکە لە شوێنی خۆیدا خەرجی ناکا. شێخ محمد خاڵ لاپەرە ١١٣

٧_ پەڵە دەرناخا ئەوی رەشکارە قووماشی سپی لەکەی تیادارە لاپەرە٢٩٠ پیرەمێرد

٨_خەڵک ئیش پەنهان ئەدۆزنەوە کاغەزی سپی ئەخوێنینەوە لاپەرە ٣٤٢ پیرەمێرد.

**ڕێککەوتنی کۆمەڵ لەسەر واتای رەنگەکان:**

رەنگەکان هیچ واتایەک نابەخشن بەڵکو بە کۆمەڵ لەسەری ڕێککدەکەون مانای دەدەن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەم شێوەیە لەسەری ڕێککدەکەون

١_رەنگی ڕەش: هێمایە بۆ غەمباری و نەهامەتی و داخ کەسەر ئەم رەنگە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا نیشانەی ماتەم و ناخۆشییە و خەم و پەژارەیە، ڕەنگی رەش مەرگ و ترس وشەڕ و تاریکیبو نابیایی دەگەیەنێت هەروەها تەعزیە باری کۆستی کەوتووە، گەلێک جاریش بۆ شان و شەوکەت نواندن (احمد سالار_٢٠٠٩) لاپەرە ٧٩

٢_ رەنگی زەرد: هەر لە کۆنەوە لە کوردەواری نیشانەی ئاگاداری و رووناکی ژیانە چونکە کورد رەنگی رۆژ بە زەرد دەزانێ کە رۆشنایی و گەرمی دەبخشێتە زەوی رووناکی دەکاتەوە هەروەها نیشانەی خۆر و زێر و بیر و زیرەکی و هۆشمەندییە.

رەنگی سەوز لە کردەواری بە شێوەیەکی گشتی نیشانەی خێر و بەرەکەت و ئاوادانییە نیشانەی بەهار و نەورۆزە لای کوردی موسڵمان ئەم رەنگە زۆر پیرۆزە دەبینین مزگەوت و خانەقا و گومزەری پیاو چاکان سەوز کراون ( عبدللە محمد سالح_٢٠٠٩) لاپەرە ٦٩ )

## بەشی دووەم

## ڕەنگی ئیدیەم

پێش ئەوەی بچینە باسی رەنگ و ئیدیەم سەرەت پێویستە پێناسەیەکی ئیدیەم بکەین و پێی ئاشنا بین.

_ئیدیەم:

ئەورەحمانی حاجی مارف لەبارەی ئیدیەمەوە دەڵێن (( کاتێ لەیەکگرتنی هەندێ ووشەدا واتای تایبەتی پەیدا دەبێت، ئەوەیە و جۆرە فرێزانە دەڵێن فرێزبۆلۆجی)) ئەورەحمانی حاجی مارف لاپەرە٥٧)

### واتا و جۆرەکانی ڕەنگ

سەرەتا چەند پێناسەیەکی واتا لای زمانەوانان دەکەین=

_زمانەوان فێرس: واتا بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی سیاف ئاڵۆز، ئەمە تێڕوانینێکی زمانییەوە دەڕوانێت واتا هەروەکو لە بۆچوونی دەوروبەری ( سیاف خراوەتە ڕوو) ( طالیب حوسین علی ) ل٢٨_٢٩

هەر هێمایەک دوو رووی هەیە فۆڕم و واتا هەر لەم بارەیەوە (( واتا ڕووی ناوەوەی هێمایە و لێکۆڵینەوەی دەکەوێتە ئەستۆی واتاسازی و گرنگییەکەی لەوەدایە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ لەیەکتر تێگاییشتندا هەیە)) عبدلواحد موشیر دزەیی لاپەرە ٥٠

أ_ واتایی هۆشەکەی (( بریتییە لە واتای حەرفی کەرەستە زمانییەکان، کە کۆمەڵ لەسەری رێککەوتوون

یاخوود حەرفی ئەوشتەیە کە سەر بە کاروبارەیە کە هێما ناوی لێ دەنێت یان بە هێما ناوی بۆ دادەنرێت)) محمد مەحوی لاپەرە٣٠

أ_ واتای هۆشەکی(( لیچ ئەم جۆرە واتایەی بەجۆری یەکەمی واتا داناوە بەهۆی کارێکی بنچینەیی و سەرەکی دادەنرێت لە کردەی تێگەییشتن لەناو زماندا)) سازان ڕەزا لاپەرە ١١

**واتا ووشەی ((رەنگ)) لەم جۆرەدا بەواتای هۆشەکی بەکاردێت، کەوا ڕێککەوتونە کە لەگەڵ شتەکەدا سروشتییە و فیزییکییە کاتێک کە دەڵێن (قژ رەش) هەمان واتای هەیە کە بۆی دانراوە واتای قژ رەش دەگەیەنێت نەک قژ سپی یان رەنگێکیتر(( واتای بابەتی ئەم جۆرە واتایە پەیوەندی بە مەبەستی قسەکەرەوە هەیە کاتێک قسەکەرەکە دەربڕینەکەی بەشێوەیەک ریز دەکات بەمەبەستی ئەوەیە جەخت لەسەر ئەو بەشە بکات کە دەیەوێت لە دەربڕینەکەیدا زیاتر بایەخ بەو بەشە بدات و دووپاتی دەکاتەوە ئەمەش بەزۆری پەیوەندی بە خوودی قسەکەرەوە هەیە لەو چەمکەی دەیەوێت و بەمەبەستەکەی بەرامبەر(گوێگر) بگەیەنێت**

**بۆ نمونە( نەوزاد کتێبەکەی برد) . (کتێبەکە نەوزاد بردی).**

**پ_((واتای میتافۆڕمی ئەم جۆرە واتە ئەتوانێت ژمارەیەکی بێ سنوور واتا بدات بەپێی ئەو بارەی تێیدا دەبێت بەم پێیە هەموو ئەو واتایانە دەگرێتەوە کە زیا دەخرێتە سەر واتا هۆشەکیەکە ئەمەش ل گۆڕاندایە بەپێی کات و کۆمەڵگا و سەردەم ئەم جۆرە واتاییە لە فەرهەنگدا تۆمار ناکرێت چونکە بگۆڕە و کۆتایی نییە و سیمای جیاکەرەوەی نییە ئەم جۆرە واتایە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە**

**١_ هەندێ جار تێکەڵ دەبێت لەگەڵ واتا هۆشەکییەکە**

**٢_لەگۆڕانی بەردەوامدایە**

**٣_پلەی نێوانی هەیە کەمتر زیاتر)) (عبدلواحد موشیر دزەیی لاپەرە١١)**

**ئیدیەم ڕەنگ**

**١_ دەروونی ڕەشە:. ناپاکە، بەدە، مرۆڤێکی دەروون سپییە. (جەلال محمود، لاپەرە ٢٠٠)**

**٢_((دەست سپی. هیچ پیشەیەک نازانێت کەپێی بژی.(جەلال محمود) لاپەرە٢٠٤)**

**٣_دەستی سەوز دەبێت:. وا دەوترێت: کە موسڵمانێک کافرێکی دوژمن بکوژێت دەستی سەوز دەبێت واتا لەلای خودا پایەکی بەرزی دەبێت جاری واش هەیە لەناو ئومێدێکدا یەکێکیش دەڵێت هەرچی بمکوژێت دەستی سەوز دەبێت واتا خێرێکی دەبێت گەورەی توش دەبێت.(جەلال محمود لاپەرە٢٠٩)**

**(( دەڵێی زەعفەرانی زەرد: بەیەکێک دەڵێت کە زەرد هەڵگەڕابێت لاواز بێت زەعفەران گوڵێکی زەردی بۆن خۆشە حاجی مارف_٢٢٩))**

**ئیدیەم ڕەنگ**

**١_ دەروونی ڕەشە:. ناپاکە، بەدە، مرۆڤێکی دەروون سپییە.(جەلال محمود) لاپەرە ٢٠٠.**

**٢_دەست سپی. هیچ پیشەیەک نازانێت کەپێی بژی.(جەلال محمود) لاپەرە.٢٠٤**

**٣_دەستی سەوز دەبێت:. وا دەوترێت: کە موسڵمانێک کافرێکی دوژمن بکوژێت دەستی سەوز دەبێت واتا لەلای خودا پایەکی بەرزی دەبێت جاری واش هەیە لەناو ئومێدێکدا یەکێکیش دەڵێت هەرچی بمکوژێت دەستی سەوز دەبێت واتا خێرێکی دەبێت گەورەی توش دەبێت(جەلال محمود لاپەرە٢٠٩)**

**(( دەڵێی زەعفەرانی زەرد: بەیەکێک دەڵێت کە زەرد هەڵگەڕابێت لاواز بێت زەعفەران گوڵێکی زەردی بۆن خۆشە حاجی مارف_٢٢٩)**

**میتافۆڕم و ڕەنگ**

**ڕەنگەکان بە بابەتێکی گرنگی توێژینەوە زمانەوانییەکان دادەنرێن بەتایبەت لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینەوە، چونکە ڕەنگەکان بەپێی ئەزموون فەرهەنگی داب و نەریت دەتوانن واتا دەربڕینی جۆراوجۆر بهێننەکایەوە، لاپەرە١٣٦**

**واتا ڕەنگەکان سەرەڕای ئەو واتایەی لەو چوارچێوە تێگەیشتنە هەمەکییەی کە هەیانە چەمکی فراوانتر دادەپۆشن چونکە رکۆڤیچێش میتافۆڕ بە دیاردەیەکی زانینی کەلتوری فەرهەنگی لاپەرە٢٣٩**

**چونکە لەدیدی کۆڤێچێش میتافۆڕ و فەرهەنگ پەیوەستن بەیەکترییەوە بەوپێیە زمان لایەنێکی گرینگی فەرهەنگ و فەرهەنگیش بریتییە لە(( لە تێگەیشتن و درکپێکردنی هاوبەشی بۆ جیهان بۆ بەدیککردنی بابەتی ماددی، ئەبستراکت و ڕووداوەکان تێگەیشتنی ئێمەیە بۆ جیهان لەبەر ئەم هۆکارەش ناتوانرێ ڕۆڵی میتافۆڕەکان لە درککردن بۆ دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەرمان پشگۆ بخرێ حرامی١٥٥)**

بەواتایەکی دیکە لێگەییشتن لە میتافۆڕی چەمکی پەیوەستە بە فەرهەنگ و دنیا بینینی مرۆڤەوە بۆ ئەم مەبەستەیش گۆرانی میتافۆڕی چەمکی پەیوەست دەکات بە دوو هۆکار جیاوازی ئەزموون جیاوازی ئاستی زانین لاپەرە[٢٩])

جیاوازی ئەزموون مەبەست لەم پڕۆسەیە کە تێیدا تاک دەخاتە بەردەم پرۆسەی رۆنانی چەمکەکان بەپێی ئەزموون و دونیا بینی خۆی بەجۆرێک ئەگەر پرۆسەی چەمکسازیەکە پرۆسەیەکی هەمەکی جیهانی بوو ئەوا ئەزموونی هەمەکی بەرهەم دێت بەڵام ئەگەر پرۆسەکە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا رۆنرا ئەوا تێگەییشتن لە چەمکەکان لم چوارچێوەیە دەبێت کە چەمکەکان تێدا رۆنراوە ئەوا تێگەییشتن لەم چوارچێوەیە دەبێت هەرچی جیاوازی ئاستی زانین(مەعریفی) لەم جۆرەیاندا تێگەییشتن سەبارەت بە چەمکەکان بە یەک شێوە رووندات.

هەربۆیەش دەبێتە هۆی جیاوازی و جۆراوجۆری لە پڕۆسەی میتافۆڕمی چەمکدا دەکرێ تاکەکان لە چوارچێوەی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی چەندان چەمکی جیاوازی پەیوەست بە فەرهەنگ دنیا بینینەکەیان بنوێنین بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە هەوڵدەدا میتافۆڕی چەمکی رەنگەکان بخاتە روو بەتایبەت هەریەک لە رەنگەکانی (سپی، سوور، زەرد) لاپەرە ١٦٦[١]

نەریمان

١_رەگەز پەرستی:. زۆربەی ئەوڕوپییەکان سپی پێستن

٢_ چاوەڕوانی:. چاوم سپی بوو تا خوێندنم تەواو کرد.

٣_بەتوانا:. سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردوە.

٢_رەنگی سوور: ئەم رەنگە لە زۆربەی فەرهەنگەکان واتایەکی نەرێنی هەیە.

أ_ هەرەشەکردن:. چاو سوور کردنەوە لە خەڵک ئاکامی باش نابێت.

ب_تاوانبار:. دەستی بە خوێنی سەدان هاوڵاتی سوورە.

ج_برژاندن:. گوڵە بەرۆژەی سوور کردەوە.

٣_ رەنگی زەرد: واتای ئەرێنی و نەرێنی هەیە

١_لێنان:. کەنگرم زەرد کرد بۆ زستان.

٢_ترسان:. لەترسی پۆلیس رەنگی زەرد بووە.

٣_ئەم منداڵە زەرتکی گرتووە

## ڕۆڵی ڕەنگ لە ئیدیۆمدا

لە شیکردنەوە ئەم ڕەنگانە لە ئیدیۆمەکاندا بەشداریان کردووە دەبینین زیاتر ڕەنگی (سوور، ڕەش و سپی و زەرد بەشداری سەرچاوەکانیان کردووە کە بەواتای خوازراوی بەکارهاتوون زیاتریش لەگەل ئەندامانی لەشدا ڕەنگ بەکار هاتووە مەرجیش نییە هەموو کاتێک بەڵام بە زیاد لە پێویست بەکارهێنەرانی زۆرە و بۆیە بە درێژایی مێژوو ئەم ڕەنگانە واتایتریان دەخرێتە پاڵ قووڵترین و کاریگەریترین واتا دەبەخشێتە ڕەنگەکان وەک کۆد لە زماندا بەکاردێت مرۆڤ لەسەرەتای ژیانیەوە تاکۆتایی ژیانی لەناو ڕەنگەکان دەژی پەیوەستە بە ڕەنگەکان جا لەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر ڕەنگە چالاکەکان ئاماژەی بۆ کراوە دەتوانین بڵێین ڕەنگەکانیتریش وەک(مۆر، خاکی، پرتەقاڵی، کشمیشی) بەشداریان کردوە بەواتای خوازراوی بەکارهاتوون بەرێژەیەکی کەمتر لە سوور، ڕەش، سپی، زەرد، سەوز، هەر یەک لەمانەبەشێوەیەکی چروپە قوڵ و شاراوە واتایان هەڵگرتووە بەشێوەیەکی کاریگەر دەروونی ئەوکەسانە دەوروژێنێت کەئاراستەی دەکرێت

١_دەست و پێ سپییە لێرەدا ڕەنگی سپی واتایەکی نێگەتیڤی هەیە بەواتای نەزان دێت بۆ نمونە کەسێک هیچ ئیش و کارێک ناکات سەر لە هیچ شتێک دەرناکات پێی دەوترێت (دەست و پێ سپی) بەڵام ئەگەر بە واتای بنەرەتی خۆی بەکاری بهێنین ئەوا ئەو واتایە پۆزەتیڤ دەبێت جوانی دەبەخشێت (زەکیە ڕەشید محمد امین) لاپەرە ١٢١

٢_کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە: سپی لێرەدا بەواتای بنەرەتی خۆی بەکارنەهاتووە بەواتای نەزانین هاتووە بۆ نمونە کەسێک تۆمەتێک ئەخاتە پاڵ کەسی بەرامبەر پێی دەڵێت (تۆ هەر لە خۆتەوە کاغەزی سپی ئەخوێنیتەوە) کە واتایەکی نێگەتیڤە زەکیە ڕەشید محمد امین

٣_ سەر سپی ناو سکی ڕەش بەواتای ئەوە نەهاتووە کە سەری سپی بێت ناو سکی ڕەش بێت بەڵکو واتا خوازیارەکەی بەکارهاتووە کەسێک بە دیمەن زۆر شتی باش بکات بڵێت باوەر پێکراو بێت بەڵام لە ناخەوە یان پاشملە پێچەوانەوە بێت دڵ و کینە پیس بێت ئەو ئیدیۆمە واتا نێگەتیڤە. جەلال محمود _ لاپەرە١٥٥.

**واتای ڕەنگ و کلتور**

**لێرەدا هەر رەنگێک واتایەکی هەیە ئەو واتایەش بەپێی میللەتە جیاوازەکان واتاکەی ئەگۆڕێت هەر میللەتەو نرخێکی پێداوە (رەنگەکان وەکو کۆدێک بەپێی نەتەوە و میللەتە جۆراوجۆرەکان گۆرانیان بەسەردا دێت، واتا هەر میللەتە و بەها و نرخی جیاوازی بە رەنگەکان دەبەخشێت، وەک هەندێک رەنگ هەن کە واتای پۆزەتیڤی هەیە ئەویش کۆمەڵگا داوێتێ پاڵ ئەو رەنگانە هەندێ رەنگیکەش هەن کە واتای نێگەتیڤیان هەیە، بۆ نمونە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەگەر ئافرەتێک بە جلی رەنگاو رەنگ تازییەوە تازییەدارەکە پێی ناخۆشە و نارەزایی خۆی زۆر جار لە ڕێگەی کۆدە دەربڕاوەکان دەردەبڕێت، جوڵەی چاو و ڕوو لێکدنەوەی تازییەدارەکە بۆ ئەم رەفتارە، ئەوەیە کە دڵخۆشە، دەلێت دیارە کەسی لێ نامرێت بەو واتایەی رۆژێک دێت ئەویش هەمان رەفتار دەکات لەگەڵیدا)[٢]**

**بەهەمان شێوە وەک ئاماژە پێکراوە (مامەڵە کردن لەگەڵ ڕەنگەکاندا لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکیتر جیاوازی هەیە، هەر وەک رەنگی(سپی) لە زمانی کوردیدا هێمای واتای پۆزەتیفی دەردەبڕێت، بەڵام ڕەنگی رەش بەپێچەوانەوە واتای نێگەتیڤ دەخاتە ڕوو بەڵام لە روانگەی راستییەوە هیچ رەنگێ ناوازە نییە، هەریەکێکیان لە بواری ئەرک بینینی خۆیدا لەگەڵ ماددەکاندا بەپێی پێوانە سروشتیەکە خۆی گونجاندووە، واتە بەپێی قۆناغ و باری رۆشەنبیری و زانیاری دەوروبەر لێکیان دەدەینەوە و مامەڵەیان لەگەال دەکەین.**

**ئەگەر بە وردی تەماشای واتای رەنگ لە ئیدیۆمەکاندا بکەین ئەبینین ، ئەبینین رەنگی (رەش) زیاتر واتای نێگەتیڤێتی گەیاندووە رەنگی (سپی ) زیاتر بۆ واتایەکی پۆزەتیڤ بەکارهاتووە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێ جار رەنگی سپیش واتای باشی نەداوە کاتێک رەنگ لە ئیدیۆمەکاندا بەواتای خوازراوی بەکارهاتووە ئەتوانرێت کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوە بدرێتە پاڵی بەدەر سیمای واتا بنجییەکەی.**

**نم/(روو سوور) سوور**

**_ ڕەنگ**

**_هەستی بینین**

**_گونجاندنی لۆژیک و سروشت**

**_سەپاندنی کولتور.(٣)ررف**

## ئەنجامەکان

١-هەر هێمایەک دوو رووی هەیە فۆرم و واتا .

٢- رةنگەکان بەبابەتێکی گرینگی توێژینەوە زمانەونییەکان دادەنریت بەتایبەت لەروانگەی واتاسازی زانییەوە.

٣- رەنگەکان بە پێی ئەزموونی فەرهەنگی داب ونەریت دەتوانین واتای دەربرینی جۆراو جۆر بهینەکایەوە.

٤- واتا رەنگەکان لەو چوارچیوە تێگیشتنە هەرەمەکیەی کەهیانە چەمکی فراوانتر دادە پۆشن.

٥- رەنگەکان وەک کۆدلەزماندا بەکاردێت مرۆڤ لەسەرەتای ژیانیەوە تا کۆتایی ژیانی لەناو ڕەنگەکان دەژیت.

# سەرچاوەکان


١_احمد ، بێستون، حسن، *کۆمەڵەی ووشە و پێکەوەهاتنیان لە زمانی کردیدا_*٢٠١٢، چاپخانەی لەریا سلێمانی

٢_حوسین، شیلان عومەر،*ئیدیۆم و چەشنی پێکهاتن.*٢٠٠٩ چاپخانەی ڕەنج سلێمانی

٣_خاڵ، شێخ محمد، *پەندی پێشینیان*،٢٠٠٧ چاپی چوارەم

٤_سالار، احمد، *ڕەنگ لە ڕەنگدانەوە* ،٢٠٠٩ سلێمانی چاپی یەکەم

٥_شێخانی، عبدلوەهاب، *فەرهەنگی ئیدیۆمی زمانی کوردی*، ٢٠٠٩ هەولێر

٦_علی، فتاح مامە، *ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا نامەی دکتۆرە،* ساڵی ١٩٩٨ زانکۆی سلاحەددین

٧_عزیز، عبدولله محمد، *گۆرانی واتای ووشە، لە زمانی کوردیدا نامەی ماستەر ساڵی ١٩٩٠* زانکۆی سەلاحەددین

٨_علی، تالیب حسن، *واتاسازی چەن بابەتێکی لێکدانەوەی ووشە*، ٢٠١١ چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر چاپی یەکەم

٩_ علی، جلال محمود: *ئیدیەم لە زمانی کوردیدا ساڵی ١٩٩٨* ،سلێمانی

١٠_فرج، هۆگر محمد: *بوارە واتاییەکان ساڵی ١٩٩٣* ، نامەی ماستەر زانکۆی سەڵاحەددین هەولێر

١١_ کریم، موستەفا محمد: *ڕەنگ لە زمانی کوردیدا* ، ٢٠٠١ نامەی دکتۆرا زانکۆی سەڵاحەددین

١٢_ موعین، سازان ڕەزا: *واتا و دەوروبەر* ، نامەی ماستەر ٢٠٠٥

١٣_موشیر، عبدولواحد: *واتاسازی و ووشە و رستە*، ٢٠١١ چاپخانەی ماردین هەولێر